# کوردە عەرەبزادەکان و هەشتی مارس

**ئاسۆ بیارەیی**
**سوێد** 2006-3-6

لە بەر ئەوەی ئیسلامی سیاسی درێژەی تەعریبکردنی نەتەوەکانی ترە، گومانی تیانیە کە ئەو گروپانە بە مافێکی ڕەوای خۆیانی بزانن کە درێژە بە بەرنامەی تەعریب, لە ژێر عەبای ئیسلامی سیاسیدا بدەن. دژوارترین چەک بەکاربهێنن بۆ بەرزڕاگرتنی نەتەوەی عەرەب و نزم سەیرکردنی نەتەوەکانی تر کە بەزۆری شمشێر کردوویانن بە ئیسلام. دزێوترین شێواز، هەر لە ئەتکردن و بە جاریەکردنی کیژان و ژنان و قڕکردنی نێرنەی ئەو نەتەوانە، تا دەگاتە سیاسەتی جینوسایدیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆماردەکەن.

هەژدە ساڵە زیاترە هێشتا هەزارەها ژن و کیژی کورد، کە لە لایەن سوپای داگیرکەری عەرەبی بەغداوە ئەنفالکران، بێ سۆراخی و بێشوێنن، بە تایبەتی ئەو کیژانەی کە بە باڕەکان و یانە سۆزانیەکان فرۆشروان. تا ئیمڕۆش بە شێوەیەکی فەرمی هیچ ڕێکخراوێک یان لایەنێکی خاوەن دەسەڵات بەشوێن ئەو کارەدا نەچووە بۆ دۆزینەوەیان.

دەبوو ئاینپەروەرانی کورد، بە تایبەتی ئەوانەی کە خەمخۆری ناموسی ژنان و کچانی کوردن، لە هەموو هێزێکی تر سوورتر دەنگی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ژن و کچە ڕفێندراوانەی کە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە پێوەندیان بە سەددامەوە هەبوو لێگیراوە.

ئەوان(ئیسلامی سیاسی) باش دەزانن کە ئاین یەکێکە لە هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگە، کە دەسەڵاتێکی ڕەهای دەرونی لە ناو گیانی تاکەکەسەکاندا هەیە، هەموو گوڕێکی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ گرێدانی کۆمەڵگە بە بیرو بۆچۆنی خۆیان، بە تایبەتی دژی ئەو نەتەوانەی کە لایەن سوپای ئیسلامەوە بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئاینەوە هاتوونەتە سەر ئیسلام. هەمیشە دڵەڕاوکێی ئەویانە کە ئەوە نەتەوانە لە ڕێڕەوی پان عەرەبیزم لانەدەن. دەخوازن چین و توێژەکان و تاکەکان توانای هەناسەدانیان نەبێت و لە نەریتێکی کۆندا زیندە بەچاڵیان بکەن.

ئەنفالی دوێنێ و سیاسەتی دەسی دەسی و بڕوا نە بوونی جەحفەری بە فیدراڵیەت بۆ باشووری کوردستان ، دواینن دانوستانی لە گەڵ تۆرانیە فاشستەکانی تورکیا و هاوپەیمانیەتی لە گەڵ تورکمانە ئوسمانلیەکانی کەرکوک، کە هەمیشە لە فرەی ڕۆژانی مێژوودا داردەستی سوپای تورکان و عەرەبان بوون، دیاریترین نموونەیە.

هەر لە شیوەنکەرانی حەسەن و حوسینی کەربلا و سەرکردەکەیان جەعفەری کە بەڕاشکاوی دژی مافەڕەواکانی کوردە، تا دەگاتە( حسن نصر الله) ی لوبنان و ئیسلامە وەهابییە بەعسییە کوردەکان، کەوتوونەتە کوتانی جەستەی گەلی کوردمان کە لە هیچ سەردەمێکدا کڕنووشی بۆ داگیرکەران نەبردوە. ئەگینا ئەو هەموو مزگەوتە و هەزارەها ئینسانی کورد ڕاپێچی دۆزەخی بیابان کرا بۆ نقەیان لێنەهات؟ یان پێدەچێت وابێ نەتەوەی عەرەب شایستەترین نەتەوەبێت و خۆشەویستی خودا تەنها شایەنی ئەوە.

دەبا هەموو پێش ئەوەی هەشتی مارس لە ژنان و کچانی کورد پیرۆزبکەین، پێکەوە دەنگ هەڵبڕین بۆ دوزینەوە ئەو کچ و ژنە کوردانە کە هێشتا دیلن و بەدەسی ئەنفالەوە دەناڵێنن.

دەبا سەری ڕێز دانەوێنین بۆ شەهیدانی ئەنفال و کەمێ باری گرانی دەرونی و ڕۆژانی قوربانیانی ئەنفال سووک بکەینەوە.

پیرۆزبێت هەشتی مارس لەو ژن و کیژانەی کە سنگی خۆیان کردە سەنگەری ڕزگاری کوردستان و داستانیان بەجەستەیان تۆمارکرد.

جوانترین چەپکە نێرگیزی پیرۆزبایی بۆ ئەو دایکە نەسرەوتانەی کە بەهەناسەی گەرمیان وورەیان بە کوڕەهەڵۆکانیان بەخشی و فێری وانەی پێشمەرگایەتیان کردن.

**سەرشۆڕی بۆ ئەو سیخور سەرۆک جاشانەی کە بوونە چاوساغی سوپای ئەنفالی بیابان**
**گەشاوەبێت هەشتی مارس ڕۆژی نیوەی کۆمەڵگە..ڕۆژی ژنان و کچانی چەوساوەی کوردستان.**